لاوانی هەولێر گوێ بەسەرمای شەوانەی پارك نادەن

ڕیپۆرتاژی / نەوزاد

(محەممەد) گوێی لەسەرماو شتی وانییە ، بەوپەڕی باوەڕەوە کراسەکەی لەبەری داکەندووەو بە فانیلە عەلاگەیەکەوە ، بەوشەوە دەستی هاوڕێکانی گرتووەو لەبەردەم شاشە گەورەکەی ئەوتەلەفزیۆنەدا کەلەپارك دانراوە ، هەڵدەپەڕێت .. هەڵپەرکێی (محەممەد)و هاوڕێکانی حەزێکی سەرکوتکراوی گەنجانی نێو کۆمەڵگای کوردی بەیان دەکات ، کەپەیوەندی بەداخراوی ئەم کۆمەڵگایەوە هەیە .

پارکی هەولێر ، کەدواتر ناوی گۆڕا بۆپارکی (شەهید سامی عەبدولڕەحمان) بەگەورەترین پارکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەژمار دەکرێت و تاهەنوکەش کاری لێدەکرێت و تەواو نەبووە ... بۆئاگابوون لەشەوێکی ئەوپارکەو حیکایەتە جۆراوجۆرەکانی ئێوی ، شەوێك ، کاتژمێر (٧)ی شەو لەبەرواری ١٣لەسەر٢٠٠٥/١١/١٤ چوینەنێو گەنجانی ئەوێ ، ئارادەی ئولفەتی نێوان خۆیان ئەو پارکە وەڕوو بخەن ..

یەکێك لەو مرورانەی بەردەم دەروازەی سەرەکی پارکەکە ، کەبەپێویستی نازانێ ناوی خۆی بەشەقام بدات ، وەستاندنی سەیارە بەهەموو شێوەیەك لەبەردەم پارك ڕەت دەکاتەوە . ئەو ، بوونی گەراجی تایبەتی پارك وەك تاکە جێگەی وەستاندنی ئۆتۆمبیلی گەشتیاران ناودەبات و زۆربەی هاولاتیانیش گلەییان لە بەڕێوەبەری گەراجەکە هەیە کەهەڵە کاتژمێر حەوتی شەوەوە گەراجەکە دادەخات و هاولاتیان ناتوانن تاکاتێکی درێژتر لەوێ بمێننەوە . کارگوزارێکی گەراجەکە ئەوەی گێرایەوە بۆئەوەی کەئێستە سەرمایەو کەس ناتوانێ ئادرەنگانێکی شەو بمێنێتەوە .

گەر کاری نەبێت و ماڵەوە لێگەڕێن پشووی زیاتری هەبێت ، باکی لەسەرمانییەو هەردێتە پارك .(فەرەیدون)ئەو جێگەیە بەگرنگترین و بەتام ترین جێگەی شارەکەی ناودەبات و هەموو ئێوارەیەکی هەینی خۆی دەدەیەنێتە ئەوێ وتادرەنگانێکی شەو ناڕواتەوە بۆماڵ . (فەرەیدون) ئەگەرچی کیژێکی جوان هاوڕێی نییەو لەمەسەلەی عەشق بەختی نییە ، لێ ئەوەش دەزانێت ، کەپارك باشترین سێبەری ژوانگرتنە بۆ کوڕان و کچان و هەستیش بە چاودێری و ڕێگری ناکات ..

بۆنا کاکە ، باوەڕت هەبێت لێرە خەڵك ئازادە و ئێمە ئازادی کەسمان زەوت نەکردییەو مامۆستا ئەوە لەڕۆژنامەی بنوسە . (ڕزگار سادق)کە چاودێرە لەپارك وایووت . .

ڕزگار ، ماوەی سێ‌مانگە لەوێ دەست بەکارەو ئەوەندەی کەئەو هەستی پێکردبێت ، خێزان زیاتر دێن تا کوڕو کچی عاشق و دڵدار .

.. هەروەها ئەوەش بەشەقام ڕادەگەیەنێت ، کەبەهاتنی سەرما ، ژمارەی هاموشۆکەرانی ئەوێ کەمێك لەکزی داوەو لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا خەڵك بەردەوام دێن .

(سۆران حەسەن)یەتەمەن ٢٣ ساڵ لەگەڵ هاوڕێکانی پیاسەی دەکرد ، بونی سانسۆری لەوێ ڕەتکردەوە . بەڵام کاتێك لێمان پرسی بۆخۆت لەگەڵ هاوڕێیەکی کچ هاتویت ئاتاقی بکەیتەوە ؟ دەنگی وەڵامەکەی لاوازتر خستە ڕوو .

بەرای ئەم لاوە ، خزمەتگوزارییەکانی پارکی (شەهید سامی عەبدولڕەحمان) گەلێك باشەو باشترو خۆشتر دەبێت ، ئەگەر کێشەی کارەباکەشی چارەسەر بکرێت ...((سەد لەسەد کەسە لەم وڵاتە ئازاد نییە ، بەڵام مەعقول نییە لەم جێگایانە گەنجان بەتەواى ئازاد نەبن)) سۆران وادەڵێت .

هەولێری پایتەخت ، بەبونی پارکێکی ئاوا گەورەو مۆدێرن ، گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ژیاری بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت وهاوزەمان ، ئارادەیەکیش لاوان وعاشقانی هەولێر دەبنە خاوەنی ماڵی ئارامی خۆیان . گرنگترین دیمەنی سەرنجراکێشەری ژیانکردن لەوپارکەدا ، ئەوەیە کەدەبینی هاولاتیان لەوێ پاشەڕۆو پاشماوەکانی خوارد دەخەنە نێو سەلەی زبڵەکانەوە . ئەمە بۆخۆی دیاردەیەکی جوانەو ئەوکاتە کاریگەری ئەوپارکە بەسەر هەولێرەوە دەردەکەوێت ، کە سەلەکان نێو بازاڕیش لەلایەن هاولاتیانەوە بایەخیان پێبدرێت .

(سۆزان) لەگەڵ دایکی وباوکی برابچکەکەیدا بەشێنەیی بەشۆستەکەدا ڕێدەکەن . ئەو کچێکی تەمەن ٢٠ساڵەو زۆربەی شەوانی هەینی لەگەڵ خێزانەکەیدا دێن .. وەك سۆزان گوتی هاتنە دەرەوە بەسەرماش ئاساییە ، چونکە دیمەنە جوانەکانی پارك بەسەرماش ناگۆڕێن ..

(ئەدهەم مەحمود) خەڵکی شارۆچکەی کەلارەو بەمەبەستی خوێندن لەهەولێر دەژی . ئەو زۆر بەکەمی دێتە ئەوێ ، بەڵام دڵخۆشە کەدەبینێ هەولێر بووەتە خاوەنی ماڵێکی سەوزی ئاوا جوان .

زانکۆ کوڕی ڕێکخستنی ئەوێ، نەك کوڕی مەعریفە!!

بۆ ڕای گشتیی کوردستانیی و سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان
بۆ ئەوەی لەوە زیاتر حیزب زانکۆ ئەتك نەکات

بۆ ئەوەی هەموو لایەك ئاگاداربن و هەڵوێست وەربگرن لە ڕەوشی ترسناکی بە حیزب جێنراوی زانکۆکان ، کەخەریکە لە ژەهری گەندەڵیی و فۆڕخکردنی دەسەڵاتی حزبی کوردیدا نغرۆ دەبێت و هەناسەیەك نامێنێتەوە بۆ ژیان و داهێنان.

دەبێ بزانن ئەو پیاوە بەکووت گەورەبووانەی کە ئەمڕۆ لەسەر (هەندێك) لە کورسییەکانی دام و دەزگا ئەکادیمیاکانن و بەزۆر خۆیان کردۆتە ئەهریمەنی گیانکێشانی خەڵکی مەدەنیی و خوێندکاری هەژارو بە (ئانەسك گەورەبوو) ی کوردەواریی و بە ئارەزووی خۆیان یاری بە عەقڵ و چارەنووسیان دەکەن و پێیان ڕەوا نابینن کە ببنە هەڵگری بڕوانامەیەك دوور لە دەستێوەردانی ئەوان ، ئەوەتا من تەنها لەبەر ئەوەی کە ناپمە لایەنگرو مونتەمی حیزبی دەسەڵاتدار خوێندنی زانکۆییم لێ حەرام ئەکەن ، من کە ماوەی سێ ساڵە خەریکی هەوڵم بۆ خوێندن لە زانکۆی سلێمانی بە مەبەستی بەدەست هێنانی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) و زیاتر ڤاڵبوونەوەم لە زمانی کوردییدا ، بە داخەوە دوای ئەو هەموو ماندووبوون و هەوڵەم بەهۆی ئەبوونی تەزکییەی حزبیی و نامەی ئەملاولا (جوابێکی باشی ڕەفزنامێز !) یان دامەوە ، لە کاتێکدا هەموو مەرجەکانی وەرگرتنم تێدایە تەنها ئیمزاکەی ئەوان ئەبێت.

بۆیە بۆ هەموو لایەکی ڕوون دەکەمەوە کە ئەمە جگە لە ناعەدالەتیی و گەندەڵیی و فەسادو کوشتنی ئازادییەکانی تاك و خوێندنی ئازاد هیچی دیکە نییە و تەنهاش ڕاگری کۆلێژی زمان لە زانکۆی سلێمانیی بە خەتابار ئەزانم و بەرپرسیارە . ئەوەتا ڕاگری ناوبراو بە ئاشکرا پێم دەڵێ : فەرموو نامەیەکی (م . ڕێکخستن) بێنە و بێ چەند و چوون دەوام بکە. ئایا هێنانی نامەی ڕێکخستن بۆچی ئەبێت بکرێتە وەسیلەی خوێندنی زانکۆیی و ئاوا چەمکەکان تێکەڵ بکرێن ؟ لە کاتێکدا وەك مامۆستایەك حەوت ساڵ خزمەتم هەیە و بە دوو نوسراوی فەرمیی لە وەزارەتی پەروەردە وبەڕێوەبەرایەتیی فێرکردنی گشتییەوە ئاڕاستە کراوم بۆ کورسییەك وەك (مرشح) ی وەزارەت ، بەڵام دیسانەوە گوێیان پێ ئەدا و ڕەفزیان کرد ..!

بۆیە داواکارم لە سەرجەم ڕێکخراو و لایەن و کەسایەتییەکان و بەتایبەت سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە خۆم ئەندامم تیایدا هەڵوێست وەربگرن و بێنە دەنگ لە ئاست ئەو بێحورمەتییەی بە زانکۆو بە ئیمەی کەم دەرامەت و بێکەس دەکرێ و حکومەتیش لێی بێدەنگە ، کە ئەمەش هەم هەوڵێکی ویژدانییە و هەم هەوڵێکە بۆ ڕیفۆرمی زانکۆکان و پاککردنەوەی لەو عەقڵە خێڵەکییانەی لەبەرگی زانکۆ وئەکادیمیادا خۆیان شاردۆتەوەو بانگەشەی کۆمەڵی مەدەنی و دیموکراسیش ئەکەن، لەگەڵ ئومێدم بەو نووزە جوان و کەمەی ناو سەرۆکایەتیی و ڕاگرایەتیی زانکۆی سلێمانی کە ئاکرێ هەوڵەکانیان بەهەند نەگرم .

ئاری عەبدوللەتیف
شاعیر و ڕۆژنامەنووس
٢٠٠٥/١١/١٥

وێنەی بۆ :
١- بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران _ ئیدارەی سلێمانی
٢- بەڕێز وەزارەتی پەروەردە
٣- بەڕێز سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی
٤- بەڕێز سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
٥- بەڕێز میدیا و سایتەکانی ئینتەرنێت .

شەقام دەپرسی؟؟

لەهاوینی ئەمساڵ وارێکەوت سەفەرێکی وڵاتی شامم کرد، پێش چوونم بۆ ئەم وڵاتە وام دەزانی هەروەك رژێمە گۆڕبەگۆڕەکەی سەدام وایە هەر جلی زەیتوونیو چەكو سەیتەرەو قوات خاسەو جاشی تیایەو باس باسی بەعسو حیزبایەتییە، هەر کە لە رەبیعە تێپەڕیم گەیشتمە سەر سنوور پۆلیسەکانی سنووری ئێراقی نوێم بینی یەکسەر بازگە نامۆکەی شێراوەی نێوان پردێ قوشتەپەم هاتەوە یاد هیچ رەفتارێك نەگۆڕابوو بگەیشتایە هەر پۆلیسێك دەبوایە هەزار دیناری ئێراقی نوێت بدابایە ئەوجا تێپەڕ دەبووی تاگەیشتمە نێو پۆلیسەکانی سووری ئەوانیش بەهەمان شێوە بەڵام بەقسە خۆشتر ئەگەر مقدمیش بوایە زۆر ئاسایی بوو تەنها یەك هەزار دیناری بریمەرت بدابایە مەمنونت دەبوو.. کەگەیشتینە خاڵی تأشیرکردنی پەساپۆرتەکەمان لەناو خەڵکی سوریا زۆر قەرەباڵغ بوو یەکسەر کاکی شۆفێر چەند هەزار دینارێکی کۆکردەوە لەنێو خۆمان یەکسەر گەیاندیە پۆلیسەکان بەماوەی چەند دەقیقەیەکی کەم کارەکەیان بۆ جێبەجێکردین کەچەندین عارەبی تر وەستابوو بۆ ماوەی زیاتر لەپێنج سەعات، بەهەرحاڵ بەرێکەوتین لەماوەی زیاتر لەدەسەعات هیچ خاڵێکی پشکنینمان نەدی وەهیچ دیاردەیەکی سەربازیو حیزبیو مان نەدی تەنها وێنەی سەرۆکی سوریا نەبێ.. کەگەیشتینە شام سەعات دووی شەو بوو بازاڕ گەرمەی دەهات وەك نوێژی نیوەڕۆ، بەڵام چ شارێك شارێکی هێمنو خاوێنو قەشەنگو ئەندازەیەکی ڕێکوپێك بۆ هاتووچۆ بەیانی لەخەو هەستاین بەپیاسە بەرەو بازاڕ بەرێ کەوتین ئاماندوو بووین لەگەڕانەوە بەتاکسیەك گەرامەوە لەرێگا کاکی شۆفێر زانی من کوردمو ئێراقیم وتی: ئێرە ماڵی سەرۆکە، منیش سەرم سوڕما هەر لەدڵی خۆمو بەترسی جاران وتم: ئای، من بەیانی بەپێش ئەو ماڵە هاتم هیچ دیاردەیەکی ناسروشتیم نەدی هەر بەدەم خۆمەوە وتم: کاکی شۆفێر دیارە جەنابی سەرۆکتان ماڵی زۆر هەیە ئەمشەویش لێرە نەخەوتووە بۆیە هیچ پاسەوانێك دیار نییە، ئەویش وتی: نەخێر تەنها ئەو ماڵەی هەیەو هیچی تری نییە منیش هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشاو گەڕەکەکەی خۆمم هاتەوە یاد، باشە لەگەڕەکی ئێمە هیچ سەرکردەو سەرۆکێکمان نییە بەتەنها بەرپرسێکی بچوك نەبێ ئەو هەموو ناو بڕە دارو بەردە دانراوە تا دەگەمە ماڵەکەی خۆم دەبێ چەندین کۆڵانی لابەلا بکەم ئەوجا دەگەمە ماڵەوە..!

جا کەلە وڵاتی منیشدا باس لەدیموکراتیەتو ئازادیو هاوڵاتیش بوون دەگرێ ئەوا هەر لەحیساب نایێ و، سوریاش لەلیستی رەش دانراوە.. هەر چۆنێك بێ چەند رۆژێکی خۆشم گوزەرکرد لەوڵاتی شام.. بەڵام لەگەڕانەوەدم ڕێگای رەبیعە گیرابوو بەناچاری بەرێگای (وەلید)دا هاتمەوە کە رێگەیەکی زۆر ترسناکە و زۆرجار پێی دەڵێن (سێ کوچکەی مردن) لەسەر سنوور بەسەعات لۆریم دی ، لەوێ هەربە هەوەس چەند پۆلیسێکی سوری هەندێکیانی ڕاگرتبوون، ئێمەش سەیارەی بچوکمان پێ بوو گەیشتە خاڵی پشکنین وزۆر بە ئاسانی بەچەند لیرەیەکی کەم بەبێ هیچ پشکنینێك گەیشتنە ناو خاکی ئێراق، لێرەش هەر چەند چرکەیەك چاوی ئەمەریکییەکان دیار ئەبایە پۆلیسەکانی ئێراقی نوێش بەپارەیەکی یەکجار کەم دەیان سەیارەیان رەتی دەکرد بەبێ پشکنین ئەگەر سەدان کیلۆ TNT یاخود (ابو مصعب زەرقاوی) پشت لەگەڵ بایە بەهەزار دیناری بریمەر رزگارت دەبوو..

جا بۆیە (شەقام) دەپرسی:

ئێراقیێك ئەم پۆلیسانە پاسەوانیی بکەن و وا تێبگات ئارامی ناوخۆکەی لەو سنوورە پۆڵابەندانەوە بۆ دێت، چۆن رزگاری دەبێ لەدەست تیرۆریستان..؟ هەڤیش نییە گلەیی لەسوریا بکەین پێویستە یەکەمجار گلەیی لەو هەموو لایەنانە بکەین کە ئەمڕۆکە لە دەسەڵاتی ئێراقیدان ، دەڵێین: بڕۆن سنوورەکانتان پۆڵابەند بکەن بۆ ئەوەی ئارامیەکانی ناوخۆی وڵات پیرۆز بێت.

ئازاد هەڤینی

لەکەرکوك، (کەریم خیگل) حکومەتە

ئا – هارون جافر

لەگەڕەکی ڕەحیم ئاوای شاری کەرکوك و لە چوارڕیانی خانی ، مرورێك دەبینی کەبەکراسێکی شڕۆڵەو شاورەکەی دەستییەوە ، هاتوچۆی ئۆتۆمبیلەکان ڕێکدەخات . ئەو هەرگیز ڕۆژێك لەڕۆژان بێزار نەبووە لەو پیشەیەی خۆیی و لەسەروەختی ئازادکردنی ئەوشارەوە ، خۆی گەیاندووەتە کەرکوك و ترسی هەمیشەیشی ئەوەیە کە(سەددام) بگەڕێتەوە . چونکە بەگەڕانەوەی حوکمی سەددام ، لەو کارە لادەبرێت و وەك خۆی دەڵێت ، ئیتر ناتوانێت مەسئول کولفی کول ئەو شارە بێت .

لەبۆیاخچییەك هەواڵی (کەریم)م پرسی . بەرلەوەی وەڵام لەبۆیاخچییەکە ببیستم ، کەریم لەبەردەممدا وەك فارچك هەڵتۆقی و بەهۆی ئەو پەیوەندییە دێرینەی کەهەمانە ، دەستی خستە سەرشانم و پێی ووتم ئەگبەت چۆن گەیشتویتە ئێرە ؟

ئەو ناوی تەواوی (کەریم ئەحمەد)ە و ناسراوە بە (کەریم خیگل) ..لەدایك بووی ساڵی ١٩٦٧لەگوندی (ئەوێ)ی بناری سورێن و تائێستە ژنی نەهێناوە . لە ئەوەتەکاندا بەهۆی مردنی دایکییەوە عەقڵی لەدەست دەدات و لەو دەمەوەڕا ، شێت بووە و هەر ڕۆژەو لەگوزەرێکدا ژیانی بەسەر بردووە تاوەکو پرۆسەی ئازادی عێراق ورزگار بوونی کەرکوك .. کەریم بەرلەوەی بچێتە کەرکوك ، لەشارۆچکەی سەیدسادقیش هەرخەریکی کاری مروری بووەو کاتێك لێم پرسی بۆچی نایەیتەوە بۆ شارەکەی خۆت ، پێی گوتم لەبەرمناڵی سەیسایەق ناوێرم بگەڕێمەوە ..کەریم بەردەوام جنێو بە(حەمەی تەحالوف) و(عومەر بایدەرۆ) دەدات . چونکە ئەوەدەمانەی کەلەسەیدسادق بووە ، هەرچی پارەی پەیدا کردووە لەناوبازاڕ (حەمەی تەحالوف) لێی ستاندووە کەئەویش یەکێکی ترە لەشێتەکانی شارۆچکەکەی سەیدسادق و ڕەفەکەی (عومەر بایدەرۆ)ش بۆئەوە دەگێڕێتەوە ، کەبەردەوام لێی داوە ، ((عومەر بیسە ،مریشکی تۆپیو ئەخوات .

مریشکی تۆپیو بەتایە ئەبرژێنێت ئەیخوات)) کەریم وایووت ..

لە گەڕەکی ڕەحیم ئاوا ، کەریم تاکە مرورە کە هاتوچۆی ئۆتۆمبیلەکانی ئەوشارە ڕێکدەخات . ئەو بەئارەزووی خۆی سەیارەکان دەوەستێنێت و پێویستە هەموو سەیارەیەکیش بڕی (٢٥٠)دیناری چاپی نوێی بداتێ . خۆئەگەر هەرسەیارەیەك پارەی پێنەدات ، ئەوا یان کاسێتێکی نێو سەیارەکەی دەفڕێنێت یان شەقێك لەسەیارەکەی هەڵدەدات .

((کەس پیاو نییە . ئەگەر من لێرەنەبم ، سەیارە ئەحساب بۆ ئەمریکی دەکات ئەبۆ پۆلیس ئەبۆ مروور .کەس پیاو نییە پیاو . من مەسئولی هەموو کەرکوکم . من مەسئولی گەورەم ، ئەمریکییەکان دێن تەحیەم بۆدەکەن ومن لێیان تورەنەبم و ئەوان ناوێرن هیچ بڵێن ..ئەو ڕۆژە مەسئولێکی گەورەی مروور هات بۆلام وپێی ووتم باش چاودێری ئەم ناوە بکە کەریم گیان)) بەدەم هەڵدانی پیاڵەچاکەی دەستییەوە و بەتوڕەبونەوە ، کەریم ئاوا دەبێژێت .

تەکیەکەی شێخ ، تاکە ماڵی شەوانەی مانەوەونوستنی ئەوەو لەوێ ئاسودەیە ئەگەرچی سەرمای دەبێت .توڕەبوو کاتێك پرسیاری ئەوەم لێکرد کەڕۆژانە پەیدا دەکات . ((خۆمن مەعمەل نیم ..ڕۆژی چەند پەیا ئەکەیت ..خۆمن مەعمەل نیم ڕۆژی بیست هەزار پەیانەکەم و ئەیدەم بەپیاوێك بۆم هەڵەگرێت ولەناکاو . شاوری بۆسەیارەیەك لێدا دەی بڕۆ یاڵڵا ئەوەستی)) .یەکێك لەیاسا سەیرەکانی کەریم ئەوەیە ، کەناهێڵێت ، ئۆتۆمبیلی هیچ هاولاتییەکی عەرەب لەوێدا بووەستێ و بەپیاوی سەددام ناویان دەبات ...

دوکاندارێکی تەنیشت ترافیکلایتەکەی (کەریم) پێی ڕاگەیاندم کەبەڕاستی کەریم بووەتە مایەی خێرو چاکسازی بۆ ئەم شەقامە ئەگەرچی شێتیشەو هیچی بەسەر هیچەوە نییە ...دواجار کەریم سەلامی لەسەیسایەق کردوو ووتی ناوێرم بێمۆ ، مناڵەکان گاڵتەم پێئەکەن ولێم ئەیەن . بەڵام هەرسەلام لەسەیسایەق ئەکەم ..

(کەریم خیگل) حکومەتی سەربەخۆی کەرکوك